کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:09 13-5-2007

## ئەوەی خۆم بۆ خۆم ئەوەی تۆش ئەخۆم ... عبدالله علی کەریم

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی زۆر شیاوە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی ڕۆژنامە ئازیزەکەی هاوڵاتی لەسەر کارەبا بڵاوی کردەوە، سەرۆکی فەرەنسا جاك شیراك سەرۆکی یەکێك لە وولاتە پیشەسازیە گەورەکان، تا ئێستا خانوویەکی نیە بۆ حەواندنەوەی ماڵ و منداڵەکانی، وا لای ئێمەش لەم مەهزەلەتەی دەسەڵاتی کوردیدا سی بەشی کارەبا بۆ ماڵ و میوانخانە و سکرتاریەت و مقەرەکانی حیزبە یان ئەوکارگەو کۆمپانیا وئوتێلانەی لێپرسراوان یان حیزب سوود مەندە لێی، بەم گەرما تاقەت پرۆکێنەی ئێستا و بگرە هاوینیش میللەتی نەگبەت دوو سەعات ئەویش بە هەزار منەت کردن بەسەرماندا، یان ئەگەر هەر زۆریش باش بێت لە چلەی هاوییندا هەشت سەعات، کارەبا نیە و کەمە با بۆ هەموان بێت بابۆ منی بی دەرەتان، بۆمیللەتێکی سی ملیۆنی دوو سەعات نەبێت، ئۆرگانە حیزبیەکان، ماڵی لێپرسراوان، تەنانەت گۆڕی مردووەکانیان بیستو چوارسەعاتە و بڕینی بۆ نیە، لە هەموو ئەو حکومەتانەی ڕێزی مرۆڤی تیا دەگیرێت لێپرسراوان و حیزب کارو خزمەتی سەرەکی بۆ خەڵکە، لێرەش سەرەتا بۆ خۆیان، ئینجا بەرماوەکەی خۆیان بۆ گەل، سەیری جاك شیراك و سەیری لێپرسراوە بەڕێزەکانی ئێمەش، ئەو عەوداڵی خانویەکی کرێیە، لێرەش هەر بستە خاکێك، هەر گردێك خۆش و دڵگیر بێت ماڵ و باخی لێپرسراوەکانە، ئەمە ئەگەر مەهزەلە نەبێت چیە؟ حیزب و لێپرسراوان تا شتێك لە خۆیان زیاد نەبێت، بۆ ئێمە نیە؟ نەوت، بەنزین، کارەبا، بودجەو میزانیە، زەوی ڕوکن، گردو زەوی بە پیت و بەرەکەت، بۆ زیندوەکانیان یان مردووەکانیان، ئەوان ئاهەنگی ڕۆڵەکانیان بە ملیۆن دیناری تی دەچێت، ئەوان بانکەکانی ئەورووپاو ئەمریکاو تەنانەت لوبنانیشیان پڕ کردوە لە پارەی دزراوی ئەم گەلە، سەرباری ئەوەش کارەبا و سوتەمەنیەکەشمان هەر ئەدزن، لێرە مناڵەکانیان بە مۆنیکاکانیان ئیهانەمان دەکەن، جرتمان بۆ لی دەدەن، دەیان ساڵەیشە خێرو بێری ئەورووپاش بۆ ئەوانە، زانکۆو پەیمانگاکان بۆ قبوڵ خاسی ئەوانە، شاری سلێمانی کە ئێواران سەیری گردەکەی دەباشان دەکەن یان ڕەبابییەکەی هێرۆخان، یان گردەکەی ئیبراهیم ئەحمەد گلۆپە کانی ئەوان چریسکەی دێت و خەڵکی ئەو شارەش چاوەڕێی مولیدەی ئەهلی یان دوو سەعات کارەبا دەکەن، لە قرچەی گەرمادا بە هەزار حاڵ موبەریدەیەکمان بۆ دادەگیرسێت یان باوەشێن ئەوانیش هەموو جۆرەکانی سپلێتی،

تەگەران گوندێکە لە سایەی بارەگاکانی حیزبدا بیست و چوار سەعات کارەبای هەیە، سلێمانیش دوو سەعات، خەڵکی هەولێریش بە هەمان شێوە کە سەیری سلاح دین و سەری ڕەش و ماڵی لێپرسراوان دەکەن دەمیان ئاو دەکات بۆ ئەو خێرو بەرەکەتە بەردەوامەی خوا داویەتی بە لێپرسراوان و حیزبەکان، کەواتە منی میللەت چیم؟ کە حیزب و لێپرسراوان ڕۆژانە خێرمان پی دەکەن بۆ چەند سەعاتێك کارەبا، ساڵی یەك جار نەوت، بۆ هەموو شتەکانی تر یش

هەروەها، کوا ئەو عەدالەتەی بانگەشەی بۆ دەکەن، کوا مافی مرۆڤ، کوا دیموکراتیەکەتان، ئەو دروشمە قەبەو زلانەی کە ناتوانن پیادەی بکەن بۆ هەڵتان گرتوە و بانگەشەی بۆ دەکەن، کێتان ئامادەن ڕۆژانە چەند سەعاتێك بی کارەبا بژین، کێتان ئامادەن وەکو ئێمە بژین، ئەگەر ڕۆژانە یەك سەعات کارەباکانتان ببڕێت هەموو کارمەندەکانی فەرمانگەی کارەبا تەفروتونا دەکەن، کەچی منی میللەت ڕۆژانە بیستوودوو سەعات بی کارەبام، ئایا پەرلەمانە قارەمانەکەی کورد، ئەندامە بەڕێزەکانی چی دەڵێن؟ ئەوانە گەل دەنگی نەدانی ئەی بۆ لەسەر ئەم مەهزەلەتە، ئەم ناعەدالەتیە نایەنە وەڵام؟ ئەی بۆ؟ بۆ سەیارەو نەسریەو موچەکانی خۆتان، بۆ شوقەکانی زەکەریا بە دەنگ دێن و ئامادەن ئەو کێشەیەتان ببەنە ناو کۆبونەوەکانی پەرلەمانی ئەورووپا و کۆبونەوەکانی نەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکگرتوەکان، کوا ئەو لێپرسراوانەی جاران ئەیان فەرموو ئێمەو میللەت ئاوو ماسین بی یەك ناتوانین بژین، ئەی بۆچی ئێستا ئێوە بون بە قرش و ئێمەی ماسیە بچوکەکان دەخۆن، ئێمە هەر میللەتەکەی جارانین، ئەوە ئێوەن لە خۆتان گۆڕاون.. حیزبەکان.. لێپرسراوان میللەت بەبەریەوە نەماوە، دلْمان تەقی، مالْ و منالاْمان لە گەرمادا توانەوە، بەسە ئەم ناعەدالەتیە، سنورێك بۆ ئەو گەندەلْیانە دابنێن، کە خەلْك لێتان کەوتە سەر جادەکان ئەو کاتە هیچ فریاتان ناکەوێت ... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.